هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەری دەکات
ژمارە (544) 16ی شوبات - 2010

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان



www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# پێویستمان بەوەیە پایەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەهێزتر بکەین



بەبۆنەی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان
حزب و قەوارە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن..

بەبۆنەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو گەلانی عێراق بەگشتی و جەماوەری بەشەرەفی خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین بانگەشەی هەڵبژاردن و کێبڕکێی نێوان هێزو قەوارە سیاسییەکان بەشێوازێکی شارستانیانەی دوور لە تانەو تەشەر و لەچوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەدا بەڕێوەبچێت کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و یاسا دیاریکردووە.

ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانایەک دەخەینە کار بۆ ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و لەبار بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و داواکارین هەموو قەوارە سیاسییەکانیش پابەندی یاسا و ڕێنماییەکانی دامودەزگا ئیداریی و ئەمنیەکانی هەرێم بن، تا ئەم بانگەشەیە بکەینە کەرنەڤاڵی خۆشی و شادی بۆ گەلەکەمان و هەموومان هاندەربین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گوڕو تین و گیانی تێکۆشانەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێرن.

ئەگەر هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی دیموکراسی بۆ گەلانی تر ماف بێت و بەشداریکردن لەهەڵبژاردن مومارەسەکردنی مافی دیموکراسیانەی تاک بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراسیشە، چونکە هێشتا بەشێک لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بە دەستنەهاتوون و زۆر کێشەو گیروگرفت و مافی گەلەکەمان ماون لە نێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیدا بە چارەسەر نەکراوەیی ماونەتەوە و بەردەوام پێویستمان بەوەیە پایەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەهێزتر بکەین تا بتوانین لەلایەک پاسەوانی یاسایی مافە بەدەستهاتووەکانمان بین، لەلایەکی تریشەوە ئەو خواست و مافانەی تری خەڵکی کوردستان بەدی بهێنینەوە کە هێشتا بە دی نەهاتوون، هەروەک ئەم هەڵبژاردنە بۆ گەلانی عێراق بەگشتی و گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی عێراق گرنگە و دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتدا، کاریگەری لەسەر ئاراستە و جۆری حوکمڕانی داهاتووی عێراق (جێ دەهێڵێ)، بۆیە گرنگە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ناو هەرێمی کوردستان و خوشک و براکانمان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەشدارییەکی کارای هەڵبژاردن بین و بتوانین بە قەبارەیەکی بەهێزەوە لە ناوەندی بڕیار بەشدار بین، لە ئێستاوە بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن چاوەڕوانی ئەوەمان لە هێزو قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕێوشوێنە یاساییەکان، بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان بکەینە کەرنەڤاڵی خۆشی و شادی و سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ گەلەکەمان.